تەقوای خوای گەورە بکەن، وپێنج نوێژەکانتان ئەنجام بدەن، ولە مانگی ڕەمەزاندا ڕۆژووبگرن، وزەکاتی ماڵەکانتان (سامانەکانتان) دەربکەن

لە ئەبی ئومامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بوو لە حەجی ماڵئاواییدا وتاری دەدا، وفەرمووی: «تەقوای خوای گەورە بکەن، وپێنج نوێژەکانتان ئەنجام بدەن، ولە مانگی ڕەمەزاندا ڕۆژووبگرن، وزەکاتی ماڵەکانتان (سامانەکانتان) دەربکەن، وگوێڕایەڵی کاربەدەستەکانتان (ئەمیرەکانتان) بن؛ ئەگەر وا بکەن ئەوا دەچنە ناو بەهەشتی پەروەردگارتانەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وتاری دا لە ڕۆژی عەرەفە لە حەجی ماڵئاواییدا، ساڵی دەی کۆچی، وبەم ناوە ناونرا چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تێیدا ماڵئاوایی لەخەڵکی کرد، وفەرمانی بە خەڵکی کرد کە لە پەروەردگاریان بترسن وتەقوای خوای گەورە بکەن، ئەمیش بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی وخۆ بەدوور گرتن لە نەهی لێکراوەکانی. وپێنج نوێژە فەرزەکە ئەنجام بدەن کە خوای گەورە -عز وجل- فەزری کردووە لەسەریان لە شەو وڕۆژێکدا. وڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرن. وزەکاتی سامانەکانیان بدەن بە ئەوانەی شایستەن زەکاتیان پێبدرێت وڕەزیل نەبن. وگوێڕایەڵی ئەوانە بن کە خوای گەورە کردوونی بە کاربەدەست بەسەریانەوە، بەمەرجێك فەرمانەکانیان سەرپێچی فەرمانی اللە نەبێت. هەرکەسێك ئەم شتانە بکات کە باسکراوە ؛ پاداشتی چوونە بەهەشتە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3520

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee